# ژاوە ژاو

محمد جزا بەرزنجی

ئەم ژاوە ژاوە
سروەی سەمای گەلاّ شێتەکانی
چنارە شیعرێکی یاخیمە..!؟
یا..
قیژە و فڕەی
قەل و واشەی
گەرمە سێرەکانی
سەر دڵی زێڕیمە..!؟
پێنازانم..
بە چیای ژوانی ئەزەلما
سەربکەوم..
یان..
لەنسێوی ئەم دارستانە چڕە و
لە باخەڵی ووشەکانی رۆژانەمدا
دەست لە ملی کچە رووتی
وێستگەی پێ دەشتەکەم کەم .. تێر
بخەوم
گەر سەرکەوم

من رووت و بەرد رووت و دار رووت و چیا رووت
دەست بە قوتەی مەمکەکانی
بەردی هەوراز و
پرچی ئاڵۆزی
دەوەنە شینەکانی
ناخمەوە دەگرم..
لە هەر جێیەکداماندوو بم خۆم و روتیم

له پاڵ مەمكێكی گەوردا

ووچان دەگرین

خڕكە مەمكێكی بچكۆلەش

لە ژێر سەرما نەرم نەرم.. درێژ دەبێت.. وەكو سەرین

سەردەكەوم و دۆندی چیا بەرەو روم دێ

ئەی كچە جوانەكەی دوێنێ

لە بیرت دێ..!

ئەو دەمانەی پەڵەی ئەدا

تیشكی خۆرت لە كۆڵ دەناو

لەگەڵ تریسكەی بارانا

دەخزایتە نێو

ساباتمەوە.

چی هەواڵی روتەكانی جیهان هەیە..!

گۆرانی باڵندەكان و مێژووی بوون و پەیوەندیەكان

كارە قورسی مێرولەكان..،

بە ئاسمانا .. بە دەریادا ..

بێ پەساپۆرت ..

بۆ هەوارم

دەگواستەوە..،

ئێستاكەش .. كە من روت و كە تۆش روت ..!

كە من هیچ و كە تۆش هیچ ..!

نەتۆ لەمن تێدەگەیت ..و..

تە من لە دۆندی چیادا .. ئارەزوی روتی تۆ دەكەم ..!

ئەم ژاوە ژاوەش ..لە لای تۆ ..

نیشانەی شێتی و پیریمە ..!